# ورد بوونەوە لە دەسەڵاتی سیاسی

## بژار

ئەوەی کە زیاتر لە مەڕ دەسەڵاتەوە لە کۆمەڵگادا ناسراوە و بە بەردەوامی باسی لێوە دەکرێت , دەسەڵاتی سیاسییە . حوکومەتەکان و حزبەکان و دامودەزگاکانی تری بۆرژواکان لە لایەکەوە و هێزە ڕەنگا و ڕەنگەکانی ئۆپۆزسیۆنەکان لە لایەکی ترەوە و ڕۆشنبیرەکانیش بە هەموو جۆرێکیانەوە کە دێنە سەر مەسەلەی دەسەڵات تەنیا لە سیاسەتدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن . واتە لە ڕوانگەی گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسییەوە باس و بەرنامە و ئامانج و تێگەیشتنەکانیان تەوەرە پێدەبەستن . لەویێوە کێشەکان و چارەسەرکردنەکان بۆ کۆمەڵگا دیاری دەکەن . مەسەلەکەیان مانەوە و جێگۆڕکێی ئەم دیاردە نەگریسەیە نەك لە ناو بردنی . ئەمڕۆ تەواوی حزبە سیاسییەکانی دونیا بە ڕاست و چەپەوە جێگۆڕکێی چینایەتییان بۆ دەسەڵات ناوێت . واتە نایانەوێت لە چینی بۆرژواوە بگوێزرێتەوە بۆ چینی کرێکار . ئەوەی ئەوان کۆمەڵانی خەڵکی بە ناوی دیموکراسی و سۆشیالیزمەوە پێ فریودەدەن , تەنیا گوێزانەوەی حزبییانەی دەسەڵاتی سیاسییە . بەجیا لەوەی کە مارکس ووتەنی دەسەڵات نابێت چینایەتییانە مۆنۆپۆڵ بکرێت , حزبەکانی بزووتنەوەی ڕابەرایەتی " ئاماژەیە بۆ حزبەکانی بەناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی " بە ناوی مۆنۆپۆڵ کردنی چینایەتییانەی دەسەڵاتەوە , مۆنۆپۆڵ کردنی حزبییانەی دەسەڵاتیان دەوێت . لە بنەڕەتدا گرنگ هێشتنەوە و جێگۆڕکێ پێکردنی چینایەتییانەی دەسەڵاتی سیاسی نییە , بەڵکو گرنگ لێدان و تیابردنیەتی . بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا , گەڕانەوە بۆ سەرچاوە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی , پێویستە بۆ دیاری کردنی زەمینەی سەرهەڵدان و پرۆسەی بەخۆدا هاتن و چۆنیەتی خەباتیش بۆ سەرنگوم کردنی . دەسەڵات لە بناغەدا پێش ئەوەی سیاسی بێت کۆمەڵایەتییە , وەپێش ئەوەی کۆمەڵایەتیش بێت مرۆییە بە مانا تاکایەتییەکەی " واتە تایبەتە بە مرۆڤ پێش پرۆسەی کۆمەڵایەتی بوونی وەك کۆمەڵگای مرۆڤایەتی , وە تایبەتە بە تاك تاکی کەسەکان لە هەموو کۆمەڵگایەکدا " . مرۆڤ لە کاتی دروست بوونیەوە تا ئەو کاتانەی کە لە ئەشکەوتەکاندا بە شێوەی گرووپی بچوك بچوك ژیانیان بەسەر بردووە و تا ڕادەیەکی نزیك بە ڕەهاش لە ژێر دەسەڵاتداریێتی سروشتدا بووە , نەك هەر خاوەنی دەسەڵات بووە , بەڵکو هەمیشەش بۆ بەرگری کردن لە ژیان و مانەوەی , لە هەوڵی پەرەپێدانی دەسەڵاتیدا بووە بۆ وەستانەوە لە بەرانبەر دیاردەکاندا . مرۆڤ پێش ئەوەی بچێتە پرۆسەی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە , توانیویەتی پرۆسەی مشتومالْ کردنی دەسەڵاتی تاکایەتی تێپەڕێنێت . دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی لەسەر بناغەی دەسەڵاتی تاکایەتی دامەزراندووە . هەرچەندە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لە سەردەمە زۆر سەرەتاییەکاندا , دەسەڵاتی خێزان بووە , بەڵام دەسەڵاتی خێزانیش بریتی بووە لە یەکگرتنی ئازادانەی دەسەڵاتی ئەندامەکانی . ئەڵبەتە لە پشتی ئەو یکگرتنە ئازادانەی ئەندامەکانەوە , پێداویستی ژیان و بەردەوام بوونی ڕاوەستاوە , بەڵام ئەم پێداویستییانە نەك هەتا ئەمڕۆ درێژەی هەیە , بەڵکو پرۆسەی چوونە پێشەوەشی بێکۆتاییە . یانی هەموو ئازادییەك لە دەسەڵاتدا ڕێژەدارە . ئەوەی کە ڕێژەدار نییە و ڕەهایە , کێشەی دەسەڵاتە لە نێوان مرۆڤ و سروشتدا .ئەگەر لە سەردەمە سەرەتاییەکاندا تاکە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی , خێزان بوو بێت و بەرقەرار بوونی یەکسانی دەسەڵاتیش لە ناویاندا هۆکاری یەکگرتنی دەسەڵاتەکان بوو بێت , ئەوا لە پرۆسەیەکی مێژوویی زۆرخایەندا و بە پێی دروست بوونی کۆمەڵگاکان و چوونە پێشەوەیان , هەم یەکسانی دەسەڵات وەلانراوە و هەم دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکانیش لە هەر سەردەمێکدا کۆمەڵێك ڕوخساری جیاوازیان بە خۆیانەوە بینیوە . هەرچۆن بێت , دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکان دروست نابن ئەگەر تاك تاکی مرۆڤەکان خۆیان خاوەنی دەسەڵات نەبن . وە دەسەڵاتە سیاسییەکانیش دروست نابن , ئەگەر دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی بە شێوەی جۆراوجۆر لە ناو کۆمەڵگادا چەقی نەبەستبێت و پەلوپۆی نەهاویشتبێت . بۆ وورد بوونەوە و ناسین و جووڵانەوە لەگەڵ هەر دیاردەیەکدا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەسڵەکەی . خەبات کردن بۆ لەناو بردنی دەسەڵاتی سیاسی نە بە جێگۆڕکێی چینایەتییانە

چارەسەر دەکرێت " بەجیا لەوەی جیگۆڕکێی چینایەتییانە هەنگاوێکی مێژوویی گرنگە " و نە بە گەڕانەوەش بۆ سەر شێوازەکانی دەسەلأتە کۆمەلأیەتییەکان و هەلْتەکاندنیان . ڕیشەکێش کردنی ئەم دیاردەیە تەنها بە پەیوەست بە تاك " فەرد " ەکانەوە دەکرێت بە ئەنجام بگەیەنرێت .

هەرچەندە ڕێژەی دەسەلأت لە گەردووندا نەگۆڕە , بەلأم لە سەرجەم کۆمەلْگای مرۆڤایەتیدا بە گشتی و هەموو کۆمەلْگایەکیشدا بە تایبەتی ئەم ڕێژەیە هەمیشە لە گۆڕاندایە . ئەگەر نەمەوێت بچمە ناو درێژەپێدانی دەسەلأتەکانی تاکەوە بە ڕوخسارە جیاوازەکانیانەوە , ئەوا دەلْێم هەموو مرۆڤێك بە شێوەیەکی گشتی خاوەنی دەسەلأتێکە . وە هەموو دەسەلأتەکان , بە بێ جیاوازی , لە کۆمەلْگادا لێرەوە دروست دەبن . ئەوە لێسەندنەوەی دەسەلأتی تاك تاکی مرۆڤەکانە بە ڕێژەی جۆراوجۆر , کە دەسەلأتەکانی تری لێوە پەیدا دەبێت . ئەم لێسەندنەوەی دەسەلأتە تەنانەت لە حزبە بە ناو کۆمۆنیستەکانیشدا بە ڕادەیەکی هێجگار زۆر پیادە دەکرێت . ئەوە لێسەندنەوەی دەسەلأتی ئەندامانە کە دەسەلأتی ڕابەرایەتی دروست دەکات . بەهێز بوونی ئەو دەسەلأتە لە سەر بێهێز بوونی دەسەلأتی ئەندامانە . ئەگەر دەسەلأتی ئەندامان لە دەستی خۆیاندا بێت و بە زۆر لێیان نەسەندرێت , ڕابەرایەتی ناتوانێت لە هیچ شوێنێکەوە دەسەلأت بهێنێت . لەو حالەتەدا دەسەلأتی ڕابەرایەتی لە کۆی دەسەلأتی ژمارەی ڕابەرەکان تێناپەڕێت . بە هەر برێك ڕابەرایەتی بەهێز بێت , یانی بەو برە ئەندامان بێهێزن . هیچ کەسێك ئارەزوومەندانە دەسەلأتی خۆی یان بەشێك لە دەسەلأتەکەی نادات بە هیچ کەس و گرووپ و حزب و حوکومەتێك ئەگەر بەزۆر لێی نەسەندرێت . ئەم زۆرداریيە نەك هەر ئاشکرا و بێپەردە پیادە دەکرێت , بەلْکو لە پشتی هەموو ئارەزوومەندییەکی تاکایەتیشەوە ڕاوەستاوە . جا ئەگەر زۆرداری , هێنانی فشاری هەڕەشە ئامێز بێت , یان بارودۆخێکی داسەپاو بێت , یان کۆنترۆلی فکریی بێت , لە جەوهەردا یەك شتن . پێبەخشینی بەشێك لە دەسەلأتی مرۆڤ بۆ هەر کەس و حزب و لایەنێك بێت , ئەو کاتە مانای مرۆیی وەردەگرێت کە لە پێناوی نەهێشتنی دەسەلأتی سیاسی و یەکسانی کردنەوەی خودی دەسەلأتی نێو مرۆڤەکانی کۆمەلْگادا بێت . مادەم هاتنە دەرەوەی هەموو دەسەلأتێکی تۆکمە لە سەر لێسەندنەوەی دەسەلأتی تاك تاکی مرۆڤەکانە لە هەر شوێنێکدا بێت , کەواتە چەوساندنەوە ناوەرۆکەکەی پێك دەهێنێت , بەجیا لەوەی چ سیمایەکی بە خۆوە گرتووە . یانی لە هەر شوێنێکدا دەسەلأت هەبێت " با لە بان سەری یەك مرۆڤیشەوە بێت " لەو شوێنەدا چەوساندنەوە هەیە . هەموو دەسەلأتێکی زیادە و بەدەر لە دەسەلأتی یەکسان و سروشتییانەی مرۆڤەکان خۆیان , کەموزۆر لە خاسیەتی مرۆیی دابڕاوە . یانی هەر دەسەلأتێك سەر بە هەچ چین و توێژێك بێت , ناتوانێت مرۆیی بوونی خۆی بە تەواوی بسەلمێنێت . تەنانەت دەسەلأتی چینی کرێکاریش دەسەلأتێکی تەواو مرۆییانە نییە . بەو برەی چینی کرێکار دەسەلأتدارە بە سەر کۆمەلْگادا , بەو برە دادپەروەری کۆمەلأیەتی لە دەسەلأتەکەیدا نییە ,, بەلأم بەو برەی خۆی و دەسەلأتەکەی هەلْدەوەشێنێتەوە و دەڕوات بەرەو کۆمەلْگای نا چینایەتی , بەو برە دادپەروەری کۆمەلأیەتی بە دەسەلأتەکەیەوە دیارە . یانی دەسەلأتی چینی کرێکار لە پرۆسەی دامەزراندنیەوە هەتا هەلْوەشاندنەوەی تەنیا بەو ڕادەیە مرۆیی دەبێت کە لە هەولْی گەڕاندنەوەی دەسەلأتە زەوتکراوەکاندا بێت بۆ خاوەنەکانیان , کە تەنیا بە پیادە کردنی یەکسانی لە دەسەلأتدا بۆ هەموو مرۆڤەکانی کۆمەلْگای مرۆڤایەتی , بە ئەنجام دەگات . دەسەلأتی سیاسی کە بەشێك لە دەسەلأتە کۆمەلأیەتییەکان پێك دەهێنێت و لە دواین لێکدانەوەدا هەولێکە بۆ دەستەمۆ کردن و خۆداسەپاندنی بە سەر ئەو دەسەلأتە کۆمەلأیەتییانەدا , لە سەر کۆکردنەوە و زەوت کردنی برِی جۆربەجۆری دەسەلأتی تاکەکان ڕاوەستاوە . گرفتەکان لە کۆمەلْگاکاندا لێرەوە دروست بوون و لێرەشەوە چارەسەر دەکرێن . لە زەوت کردنەوە دەستی پێکردووە و لە ڕیشەکێش کردنی ئەو زەوت کردنەشەوە کۆتایی دێت .

لە پشت هەموو هەڕەشە و تەوهین و سزا و کوشتنوبڕینێکەوە , دەسەلأت ڕاوەستاوە . هەموو کون و قوژبنێکی کۆمەلْگا مەیدانی پێکدادانی دەسەلأتەکانە . هەمیشە دامالْین و بالأ کردنی دەسەلأت لە هەموو شوێنێك و لە هەموو ساتەوەختێکی کۆمەلْگادا لە

حاڵەتی ڕووداندایە . گاڵتەجاڕییەکان و توانجەکان و سوکایەتی پێکردنەکان , هەریەکەیان بەجیا و هەمووشیان پێکەوە , ئاوێتەی دەسەڵاتن . مرۆڤ بۆ خۆی بە تەنها کانییەکی ووشك نەبوو , سەرچاوەیەکی لە بن نەهاتوو , جیهانێکی بێکۆتایی دەسەڵاتە . بەشێك لە ژیانی ڕۆژانەی , بەدەر لە ئیرادەی خۆی و هەندێك جاریش بە ئیرادەی خۆیەوە , تەرخان کردووە بۆ بەدەست هێنان و مشتومالْ کردن و برەوپێدانی ئەم دەسەڵاتە . هەرچەندە ئەم پرۆسەیە بە پەیوەند بە جێگاوڕێگای کۆمەڵایەتی خۆی و ململانێی مرۆڤ و سروشتەوە دەباتە پێشەوە , بەڵام زەمینەی لێوەهەڵسانی هەموو نابەرابەرییەکە لە کۆمەڵگادا . دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکان کە بناغەی لێوەهەڵسانی دەسەڵاتی سیاسین , هەموو جۆرە دەسەڵاتە ئایینی و ئابووری و خێڵەکی و ڕۆشنبیرییەکان بە هونەر و ویژە و فەلسەفە و زانستەوە دەگرێتەوە . ئۆتۆریتەکان جۆرێکن لە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی . مەسەلەی هەڵپە کردنی ڕابەران و کەسانی سیاسی دی بۆ کۆمەڵایەتی بوونەوەیان , لە چوونە سەری دەسەڵاتی سیاسییانەوە سەرچاوە دەگرێت . لەگەڵ ئەوەشدا کە دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکان بناغەن بۆ دەسەڵاتە سیاسییەکان , بەڵام پەیوەندییەکی دایلێکتیکانە کە کارکردی بەردەوامانەی هەر یەکەیانە لە سەر ئەوی تریان , بە یەکیانەوە دەبەستێت . تەنانەت هاوڕێیەتی دوو کەس وە یان چەند کەسێك لەگەڵ یەکتریدا , لە لایەنێکیدا یەکخستن و یەکپێگرتنی دەسەڵاتەکانیانە . مەسەلەی مەیل دان و خوازیار بوونی حزبەکانی بزووتنەوە سیاسییەکان بۆ ڕۆشنبیران و بە تایبەتی ڕۆشنبیرە بە تواناکان , بۆ خستنە سەری دەسەڵاتی مەعنەوی ئەوانە بۆ سەر دەسەڵاتە سیاسییەکەی خۆیان . دەسەڵاتی مەعنەوی هیچ کاتێك دەسەڵاتێکی سەربەخۆ و دابڕاو لە بنکە کۆمەڵایەتییەکەی نەبووە . دەسەڵاتی مەعنەوی بەو ڕادەیە هەیە کە کەسانێك , کەم و زۆر , بە دەوریدا هەن و دەکرێت وەکو هێزێکی ناو پرۆسەی گەڵاڵە بوون , لە بارودۆخی تایبەتی و شیاو بە هێنانە ئارایدا , سوودی لێ ببینرێت . دەسەڵاتی مەعنەوی هەرچەندە هۆش و بڕوا و سەرسام بوون و خۆشەویستی چەند پایەیەکی بناغەیی زەمینەی لێوە هەڵسانیەتی , بەڵام بۆ خۆی دەبێتەوە بە دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی و هێزە سیاسییەکانیش بە ڕاکێشانی ئەو کەسایەتییە , دەسەڵاتە سیاسییەکەی خۆیان بۆ ئاستێکی بەرزتر پێ دەگوازنەوە . هێزە سیاسییەکان لە ڕێگای پڕوپاگەندە و هاندانەوە , لە ڕێگای پێناساندنەوەی کەسایەتییەکە و دەرفەت وەرگرتنێکی زیرەکانەوە بۆ جوان کردنەوەی کار و خەبات و ئامانجەکانیان , سوود لە بنکەی کۆمەڵایەتی ئەو دەسەڵاتە مەعنەوییە دەر دەگرن و خۆیانی لە سەر ئاستی کۆمەڵگا پێ دەبەنە پێشەوە . جا ئەو کەسانەی کە خاوەنی دەسەڵاتێکی مەعنەوین , بە هەر پلەیەك هۆشیارییان بۆ ڕزگار بوونی کۆمەڵگا و تەواوی مرۆڤایەتی لە دواوە بێت , بەو پلەیە هێزە سیاسییەکان ئەم دواکەوتنەی دەقۆزنەوە و مەرامی سیاسییانەی خۆیانی لێوە بە ئەنجام دەگەیەنن . مەسەلەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانیش , هەر مەسەلەی دەسەڵاتە . کاتێك کە ڕێکخراوێکی جەماوەری دروست دەبێت , جگە لە مەسەلەی خەبات و ئامانجیان , بە مانای چوونە پاڵ یەکی کۆمەڵێك دەسەڵاتە بۆ وەستانەوە لە مەیدانێکی دیاریکراودا بەرانبەر بە دەسەڵاتێکی گەورەتر . بەو ڕادەیەی ژمارەی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە زیاد بکات , بەو ڕادەیە دەسەڵاتەکان زیاد دەکەن و لە کێشمەکێشیاندا لەگەڵ دەسەڵاتە گەورەکەدا , دەستکەوتی زیاتر بە دەست دەهێنن . ئایدیای پەلکێشانی حزبەکانیش بە چەپ و ڕاستەوە بۆ ناو ئەم ڕێکخراوانە , لە سۆنگەی ڕفاندنی ئەم دەسەڵاتەوەیە . یانی کار کردنی حزبەکان بە ڕاست و چەپەوە لەو ڕێکخراوانەدا , کار کردنە بۆ داگیر کردنی هەرچی زیاتری دەسەڵاتی ڕێکخراوەکان و گوێزانەوەیان بۆ سەر دەسەڵاتە حزبیەکانیان . یانی هەموو قسە و باس و بۆچوونێکی حزبەکان لەگەڵیاندا " واتە لەگەڵ ڕێکخراوەکاندا " و بەرز کردنەوەی هەموو دروشمێکی بریقەدار و ڕاگەیاندنی هەموو جۆرە پشتیوانییەك بۆیان , لە هەڵفریواندن و وەلانانی هەرچی زیاتری دەسەڵاتی ئامادەی ئەوان نەبێت بۆ سەر دەسەڵاتی حزبییانەی خۆیان , شتێکی دیکە نییە . بێگومان بەو ڕادەیەی دەسەڵاتی ڕێکخراوەکان لە لایەن حزبەکانەوە دەڕفێنرێت , بەو ڕادەیە ڕێکخراوەکان لاواز دەبن . لاواز بوونەکە لەم مەیدانی دەسەڵات ڕفاندنەیانەوە , لە چەند شوێنێکەوە دەست پێدەکات : 1- ڕیزەکانی ڕێکخراوەکان تووشی حالەتێکی تازە و نامۆ دەبن . 2- سەرنج و بیر کردنەوە و هیوای چوونە پێشەوەیان شڵەقانی تێدەکەوێت و لە جیاتی ئەوەی تەنیا

له بەرانبەر دەسەڵاتە گەورەکەدا چەق ببەستن , دابەش دەبن بە سەر تێگەیشتن و کار کردن و نەکردنیش لەگەڵ ئەو حزبانەی کە گێچەڵیان بە دەوریاندا ئالاندووە . 3- خەڵکانی زیاتری دەرەوەی خۆیان " دەرەوەی ڕێکخراوەکان " کە لە پرۆسەی بیر کردنەوەی مەیلدان و خۆ ناونووس کردندا بوون وەك ئەندامانی تازە بۆ کار کردن لەگەڵیاندا , شەکوشۆی تێدەکەوێت و لە ئەنجامدا دڵەڕاوکێ و پەشیمان بوونەوە باڵ ڕادەکێشێت بە سەریاندا . 4- فشاری دەسەڵاتە گەورەکە لە بەرانبەریاندا توندتر دەبێتەوە . ئەمانە و گەلێکی تریش لەو هۆکار و بەرئەنجامە نێگەتیڤانەن کە ئاوقای ئەم ڕێکخراوانە دەبنەوە لە ڕێگەی گیانی دەسەڵاتخوازی و سیکتاریستانەی حزبەکانەوە . یەکێك لە فاکتەرە گرنگەکانی سەرکەوتنی فریودان و چەواشە کردن و کاریگەری دانان لە سەر ئەندامانی ڕێکخراوەکان و وەرگرتن و لێسەدنەوەی ئارەزووەمەندانە و زۆردارەکییانەی هەرچی زیاتری دەسەڵاتەکانیان " واتە دەسەڵاتی ڕێکخراوەکان " لە لایەن حزبەکانەوە , نزمی پلەی هۆشیاری ئەندامانی ڕێکخراوەکانە بە ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانیان . بۆیە هەتا ڕێژەی هۆشیار بوونەوەی ئەندامانی ڕێکخراوەکان بڕواتە سەرەوە , ڕێژەی فڕاندنی دەسەڵاتە ڕێکخراوەییەکانیان لە لایەن حزبەکانەوە دێتە خوارەوە . وە هەر لێرەشەوەیە کە حزبەکان هەر هەموویان پێچەوانە دێنەوە لەگەڵ پرۆسەی چوونە پێشەوەی هۆشیارییە ڕێکخراوەییەکاندا . حزبەکان بە ڕاست و چەپیانەوە " یانی بە حزبە بەناو کۆمۆنیستەکانیشەوە " هۆشیارن بەوەی کە هاتنە خوارەوەی هۆشیاریی ڕێکخراوەیی ئەندامانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان دەرگا لەسەر هەڵمەت بردنی ئەمان " واتە حزبەکان " دەکاتەوە بۆ فڕاندنی دەسەڵاتەکانیان . یانی ئەم حزبانە لەخۆڕا نییە کە ڕێگرن لە بەردەم هۆشیار بوونەوەدا . بە دەست خۆیان نییە و ناتوانن " واتە حزبەکان بە ڕاست و چەپیانەوە " کە دوژمنی سەرسەختی ووریا بوونەوەی جەماوەر نەبن . ئەوان " واتە حزبەکان " تەنیا ووریا بوونەوەیان بە پەیوەست بە حزبەکانیانەوە لا دروستە . یانی بەو برە ئەو کەس و دەستە و تاقم و کۆمەڵانی خەڵکە بە لایانەوە خاوەنی هۆشیاری تەواون کە تەوەرەیان بەستبێت بە دەوری حزبەکانیاندا . ئەم تەوەرە بەستنەش بە دەوری حزبەکاندا کە ڕابەرایەتییەکان ناوی دەنێن هۆشیار بوونەوە لە کەڵەکە بوونی دەسەڵاتی حزبیی زیاتر شتێکی تر نییە . واتە دواکەوتنێك " تەوەرە بەستنی ڕێکخراو بە دەوری حزبدا " کە لەو بارەیەوە پراکتیك دەکرێت بە فەرمی لە لایەن حزبەکانەوە بە پێشکەوتن دەناسرێت . لێرەدا دەبینین دواکەوتن لە پێشکەوتندا و پێشکەوتنیش لە دواکەوتندا شاردراونەتەوە . ئەم یاری کردنە بە ناوەرۆکی ووشەکانەوە لە بنەڕەتدا لە بەرژەوەندی ڕابەرایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت . پەیوەندییەکانی نێوان حزب و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان , یاساکانی کێشمەکێشی دەسەڵات زاڵن بە سەریاندا . بە هەر برێك دەسەڵاتی سیاسی حزبەکان بە پەیوەند بە ڕێکخراوە جەماوەرییەکانەوە زیاد بکات , بەو برە دەسەڵاتی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان کەم دەکات . هەموو کار کردنێکی حزبەکان بۆ ئەندام گیری لە ناو ڕێکخراوە جەماوەرییەکاندا بە مانای بە فەرمی نەناسینی سەربەخۆیی ئەو ڕێکخراوانە دێت . تەنهاش لە ڕێگای بە فەرمی نەناسین و کردەیی کردنەوەی ئەو بە فەرمی نەناسینەوەیە بۆ ڕێکخراوە جەماوەرییەکان , کە حزب لەو مەیدانەدا دەتوانێت بەهێز ببێت . ئەم حاڵەتە پێش ئەوەی پەیوەندی بە ڕابەرایەتییەکان و هەڵپەی فڕاندنی ئەوانەوە هەبێت سەبارەت بە دەسەڵاتی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان , پەیوەندی بە پێکهاتە حزبییەکان و سیستمی ناوەکییانەی کار کردنیانەوە هەیە .

بە شی هەرە زۆری دەسەڵاتی سیاسی لە جیهاندا کە لە لایەن حوکومەتەکانەوە دەستی بە سەردا گیراوە و یاساگەلێکی زۆریش بۆ بە فەرمی کردنی ئەم دەست بە سەرا گرتنە دامەزراوە , ناوەندی تراجیدیاکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێك دەهێنێت . یاسا بریتییە لە ڕەوا بەخشین بە دەسەڵاتە گەورەکان بۆ کۆنترۆڵ کردنی دەسەڵاتە بچوکەکان . هەرچەندە یاساکان دەیانەوێت خۆیان وا بناسێنن کە بنەمای ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن , بەڵام هەمیشە ئەو ڕێکخستنانەیان لە سەر بناغەی لەق نەکردنی پایە کۆمەڵایەتییەکانی چینی بۆرژواوە دارشتووە . یاساکان هەموویان بە دەوری پێداگرتن لە سەر مانەوەی ئایین و خێزان و ئەخلاق و موڵکایەتی تایبەتی , چەقیان بەستووە . یاساکان تەنیا بە پێی فشاری کۆمەڵانی خەڵك و , ماوە ماوە چاکسازییان تیادا دەکرێت

, ئەگینا ئاڵوگۆڕی چینایەتییانە " شۆڕشگێڕانە " یان لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا هەرگیز بە سەردا ناهێنرێت . یاساکان لە دوو لایەنەوە بە بڕی جیاواز مرۆیی بوونیان گرتووەتە خۆ : یەکێکیان فشاری کۆمەلانی خەڵکە لە سەریان و ئەوی تریشیان لە ڕوانگەی پاراستن و بردنە سەری بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی بۆرژواوە ناچار بوونی لۆژیکانەی ئەو چینەیە " واتە بۆرژواکان " بەوەی کە خەڵکانی چین و توێژە کۆمەلایەتییەکانی تریش مرۆڤن . واتە ئەگەر پێداگرتنی پەیا پەی کۆمەلانی خەڵك نەبوایە بۆ بە فەڕمی ناسینی داخوازییەکانیان و پەیوەندییە مرۆیی و کۆمەلایەتییەکانیان , وە پێداویستی هەبوونی کۆمەڵگایەك نەبوایە بۆ سیستمی سەرمایەداری کە ناچار بێت لە پێناوی مانەوە و چوونە پێشەوەیدا وەکو چینێك " واتە سەرمایەداران " مامەڵە لەگەڵ مرۆڤدا بکات " ئەمە جگە لە پێویست بوونی ئاستێنی دیاریکراو لە ڕێکخراو بوون و ئاسایش بۆ ئەو کۆمەڵگایە " ئەوا یاساکان زۆر نا مرۆڤانەتر دەبوون لەوەی کە ئێستا هەن .

مەسەلەیەکی دیکە کە لە دەسەلاتی سیاسیدا جێگای سەرنجە مەسەلەی کۆبوونەوە و دابەش بوونە . لە سیستمی دەسەلاتداریەتیدا هەر لە ڕێکخراوە سیاسییە بچوکەکانەوە تا ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و میلیشیاکان و حزبەکان و حوکومەتەکان , کۆبوونەوەی دەسەلات لە دەستی ناوەندێك " کۆمەڵێك کەس " دا و دواییش قەبلاندنی لە دەستی یەك کەس " ڕابەرێك – سکرتێرێك – لیدەرێك – سەرکردەیەك – سەرەك وەزیرانێك – پاشایەك – سەرەك کۆمارێك – دا بووە بە باو و لە سەر ئاستی بەرییني جیهانیش دووبارە کردنەوەی ئەم سوننەتە و لاسایی کردنەوەی کەم و زۆری یەکتری بووە بە بەشێك لە دەزگای بیر کردنەوەی مرۆڤایەتی . ئەم کۆبوونەوەی ووردە ووردەی دەسەلاتە لە سەر بنەمای ووردە ووردەی لێسەندنەوەی دەسەلات دروست دەبێت . دەسەلاتی هەر حوکومەتێك بگریت , لە لێسەندنەوەی دەسەلاتی ئەندامەکانی کۆمەڵگاوە پەیدا دەبێت . بە پێی چوونە پێشەوەی دەسەلاتی حوکومەت , چوونە دواوەی دەسەلاتی ئەندامانی کۆمەڵگا ڕوودەدات . بە پێی چوونە پێشەوەی دەسەلاتی ئەندامانی کۆمەڵگا , چوونە دواوەی دەسەلاتی حوکومەت ڕوو دەدات . ئەم دوو کێشمەکێشەی نێوان ئەم دوو تەوەرە " حوکومەت و کۆمەلانی خەڵك " بە هەزار و یەك شێوە , هەموو چرکەساتێك , لە ئارادایە . ئەمە سەبارەت بە حزبەکان و جەماوەریش هەروا دەکەوێتەوە . یانی کێشمەکێش لە کۆمەڵگادا لە نێوان هێز و ڕووخسارە سیاسییەکانی دەسەلات و هێز و ڕووخسارە کۆمەلایەتییەکانی دەسەلات , یەك تایبەتمەندی ژیانی کۆمەلایەتی مرۆڤەکان و یەك پایەی بناغەیی ڕاگرتنی کۆمەڵگایە . لە دووتوێی ئەم کێشمەکێشانەشدا , ڕۆژانە لە سەر ئاستە جۆراوجۆرەکان کە ژمارەیان دیاری ناکرێت , نزیك بوونەوە و دوور کەوتنەوە , یەکگرتن و لە یەك ترازان , ڕێککەوتن و پێکدادان لە نێوانیاندا ڕوودەدات .

2006–5–8